راگەیاندنی سەنتەری منالآن سەبارەت بە:

# سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان پارەی پێویست بۆ چارەسەری چاوی 2 لە منالەکانی کفری دابین دەکات و تەسلیمیان دەکات.

دوێنێ 2005-11-24 لە ئوتیل ئاشتی شاری سلیمانی بەریز ئازاد احمد سەرپەرشتیاری سەنتەر بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق، بری 3570 $ تەسلیم بە- 4 منالەکەی کفریو ئاشتی باقی باوکی ئەو 4 منالە- کرد، کە ئەم



منالانە تووشی نەخۆشی قەرەنیە مخروتە بوون وئەگەر عملیاتیان بۆ نەکریت ئەوا چاوەکانیان لە دەست دەدەنئەم پارەیە لە دوای راگەیاندنی کەمپینیك لە لایەن سەنتەرەوە بۆ کۆمەك کردن بەم 4 منالە و دوور خستنەوەیان لە خەتەری لەدەست دانی چاوەکانیان، کۆکراوەتەوە و بە خۆشحالیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلکی ئینساندۆست بە دەنگ بانگەوازەکەمانەوە هاتن، کە ئیمە لە خوارەوە ناوی ئەو بەریزانە دەنووسین کە لە دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستان ئەم 3570 $ کۆمەکەیان داوە بۆ ئەم 4 منالە.

شیاوی باسە لە چەند رۆژی داهاتوودا دوان لە منالەکان (شەیدا و شەوبۆ) ئاشتی باقی-لە گەل باوکیان ئەچن بۆ تاران و لەوی هەریەکەیان چاویکیان عەمەلیات دەکریت و ئەو پارەیەی کە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان بۆی کۆکردوونەتەوە تەنها بەشی عەمەلیات کردنی ئەم 2 چاوە دەکات.



ئیمە لیرەدا ویرای سوپاس و دەست خۆشی گەرممان لەو بەریزانەی کە ئەم برە پارەیەیان بەم 4 منالە کردووە، لە هەمان کاتدا رای دەگەیەنین کە ئیمە کەمپینەکەمان بەردەوامە بۆ کۆکردنەوەی باقی پارەکەی تر بۆ رزگار کردنی هەر 4 منالەکە لە مەترسی لەدەست دانی چاوەکانیان و داوامان لە هەموو ئینسان دۆستان ئەوەیە کە بە پیی توانای خۆیان هاوکاری ئەو 4 منالە بکەن.

## ناوی ئەو بەریزانەی کە کۆمەکیان کردووە بەم 4 منالە:

1- 1000 $ ئاسۆ حاجی محمد باموکی خاوەنی کۆمپانیای سانا تیل لە سلیمانی.
2- 350 $ کۆمەلیك کەس لە لندن کە بە رێز (علی) هەستاوە بە کۆکردنەوەی.
3- 300 $ فریشتە رابەر لە بەریتانیا.
4- 200 $ نەوزاد محمد لە بەریتانیا.

-5 155 $لقمان واحمد لە بەریتانیا.
-6 150 $ د. ریزان و دایكی –رانیە-كوردستان.
-7 100 $ ئاراس یاسین- رانیە-كوردستان
-8 100 $ ووریا ناسح علی لە سلیمانی - كوردستان.
-9 100 $محمد گەلالی لە سلیمانی- كوردستان.
-10 $100 دیاری بەكر و براكەی لە نەرویج.
-11 100 $ اسماعیل احمد –رانیە –كوردستان
-12 1000 كرۆن محمود حاجی عومەر لە سوید.
-13 945 كرۆن باران عبد المحسین لە سوید
-14 800 كرۆن خەلیل ڕەفعەت لە سوید
-15 749 كرۆن جوان و فازیل لە سویسرا.
-16 70 $ كۆمەلیك كەس لە سلیمانی كە بری 105000 دیناری عیراقیان كۆمەك كردووە.
-17 ، بەختیار جاف 60 $ لە سوید (بەڕێز بەختیار جاف سەرباری كۆمەكی خۆی بۆ 4 منالەكە، دوو جار حەوالەی پارەكەی بەبێ بەرامبەر لە سویدەوە بۆ ناردین بۆ كوردستان).
-18 50 $ سعید حمد بهرام-رانیە-كوردستان.



-19 50 $ عادل نەرویج.
-20 $50 ئەمیر نەرویج.
-21 $50 ئیدریس نەرویج.
-22 200 كرۆن عومەرە سور.
-23 15 $ ریبوار سعید لە نەرویج.
-24 100 كرۆن عائشە سوید

شیاوی باسە لە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان ئەم بەریزانە هەستاون بە كۆكردنەوەی پارەكە:

-1 ئازاد احمد سەرپەرشتیاری سەنتەر لە عیراق.
-2 شیرزاد فاتح سەرپەرشتیاری سەنتەر لە دەرەوە.
-3 ساكار سعید لیپرسراوی سەنتەر لە رانیە و قەلادزە.
-4 كامران لەتیف لیپرسراوی سەنتەر لە سلیمانی.
-5 جوان لە سویسرا.

لەگەڵ رێزو تەقدیری زۆرمان بۆ كۆمەكی ئەو بەرێزانە، وەك لەسەرەوە ووتمان كەمپینەكەمان بەردەوام ئەبێت، چونكە بری پارەی پێویست دابین نەكراوە بۆ چارەسەری منالەكان، وە ئەو پارەیەش تەنها بەشی هەر یەكەو چاوێكی ئەو دوومناڵە دەكات. بۆ بیر هێنانەوە كاتی پارە ناردن بنوسن كە بۆ 4 منالەكەی كفریە.

لە گەل هیوای چاك بوونەوەمان بۆ ئەم 4 منالە.

سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان
2005-11-25

تەلەفۆن و ئادرێس بۆ پەیوەندی كردن:
009647701533432 ئازاد ئەحمەد
0046735715449 شیرزاد فاتح
www. santarimnalan. com
santarimnalan@yahoo. com